
٢٠١٢\٥\١٣

# پەشێو، هەڵوێستێکی باڵابەرز و شیعرێکی نەبەرد..



**حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ**

**مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٢ بوو، بەندە لە شاری قامیشلی بووم و کاتێک زانیم شاعیری گەورەمان لە مۆسکۆوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و سەفەرەکەی بە سوریادا ئەنجامدابوو. مانگی ڕەمەزان بوو، پێکەوە چەند شەوێکمان بردەسەر و لە چایخانەو جگەرخانەکانی شارە جوانەکەی قامیشلی پێکەوە دادەنیشتین و باسی دونیای غەریبی و سەفەرو هەندەران و شیعرو شاعیرانی بۆ دەکردم، باسی سیاسەتمەدارەکانی کوردی بۆ دەکردم و ناوبەناو شیعرێکی زۆر نایابی خۆی بۆ دەخوێنمەوە، بەڵام ئەو سەردەمە ناوبانگی شیعری (ماچ)ی پەشێو گەیشتبووە عەرشی عەزیم و زۆرینەمان کۆپیمان کردبۆوەو لەبەر یەکتر نووسیبومانەوەو هەندێکمان ئەزبەرمان کردبوو.**

**زۆجار، ئێواران یان شەوانەی ئەو دیدەنییە گرنگەمان، لە شارەکەی قامیشلو، لەسەر شۆستەکانی ئەو شارە بەسەر دەبرد چونکە شەوانی ڕەمەزان بوو، زۆر قەرەباڵغ بوو، جێگەمان لەسەر کورسی یان قەنەفەی چایخانەو ڕێستۆرانتە میللییەکان دەست نەدەکەوت.. دوای ئەوەی لەسەر دەفتەری بیرەوەرییەکانم ناوو ناونیشان و تەلەفۆنی خۆی بۆ نووسیم، ئیتر دوای سێ ڕۆژی بێوێنە ئەو بەرو کوردستان سەفەری کردو، منیش دوای هەفتەیەک بەرەو لوبنان ڕۆیشتم، ئیدی وەکو بینین نەمبینیەوە، بەڵام هەواڵ و کاسێتی شیعرەکانی ئەوم دەگەیشتەوە دەست، ئەو**

دەفتەرەشم هەتاکو کەمپەکانی پەنابەری لە ئەڵمانیا پێمابوو، بەڵام داخیگرانم لێم ونبوو..

ئەمساڵیش جارێکی دیکە ئەو زاتە گەورەیەم بینیەوە، بەڵام لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە، کەناڵی هەولێری ئاسمانی شیعرەکانی پەشێوی بێجگە لە شیعری (سەردەشت عوسمان) شیعرە پایەبەرزەکانی پەشێوی گواستەوەو بەوەش چاوی من و دەیان هەزاری وەکو منی پێ شاد بۆوە، دڵمان ئاوی ساردی پیادا کراو، فێنک بووینەوە.. دەروونمان بەو شیعرو گووتەو هەڵوێستە نەگۆڕەی ئەم پیاوە مەزنە گەشبۆوە.. چونکە پەشێوی مرۆڤ و شاعیرو خاوەن هەڵوێست وەکو ڕێژەی نەگۆڕی ٢٢٪٧ وایەو ناگۆڕێت.. ئەم پیاوە، وەکو فایەق بێکەسی نەمرو پیرەمێردو قانیع، خاوەنی هەڵوێست و مەردایەتی و کوردایەتی و پیاوەتیە..

پەشێو، هێشتاکە لەسەر هەمان هزرو بیروبۆچوونی سەردەمی هەرزەکاری و خوێندنی زانکۆو دکتۆرایە.. هێشتاکە قوتابی قوتابخانەی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەریە.. پەشێو هێشتاکە خوێندکاری ئەو شاعیرە مەزنە نەمرەیە کە ناوی فایەق بێکەسەو لەگەڵ هاتنی جۆنزدا بۆ سلێمانی، شیعرە بەرزەکەی بیستوحەوت ساڵەی خۆی بە دەنگێکی زوڵاڵەوە بۆ خوێندەوە.. پەشێو لەمرۆدا مەزنترین شاعیرێکە کە دەنگی نەنوساوەو هێشتاکە لاوێکی نەبەردی بوێرەو قوڕگی زۆر زوڵاڵە.. ئەم پیاوە پێناسەی شاعیرێتی خۆی بە قەدو باڵای پیاوەتی و ویژدان و مەردایەتی خۆی و میللەتەکەیەوە گرێداوە.. ئەو پیاوەتی و ویژدان و مەردایەتییەی کە ئەمڕۆ ئەوەندە کاڵ بۆتەوە.. دەبێت بە زەڕەبین و میکرۆسکۆب و تێلسکۆب بۆیان بگەڕێیت..!!

پەشێو لە شیعرەکانی ئەمساڵیدا، چەمکە گرنگەکانی ژیانی هاونیشتمانان و هاوڵاتیانی خۆی بەسەر کردەوە، پەشێو، دڵی هەموو هەناسەساردو هەشبەسەرەکانی ئەم نیشتمانە هەتیوەی ئاوڕشێن کرد.. زۆرینەمانی لە پشێوی و نیگەرانی و خەمۆکی و دڵتەنگی قوتارکرد.. ئێمەی بردەوە بۆ زەمەنی شەهید ئارام و مامە ڕیشەو زۆرێک لەو شەهیدانەی کە دووبارە نابنەوە.. ئێمەی پڕ کردەوە لە شیعر، بەڵام شیعری ڕاستەقینەو ڕاستگۆ، دوور لە ڕیایی و ماستاو و ستایشی درۆزنانە.. بە دەنگێکی بێپەرواوە هاواری دەکرد، نیشمانتان فرۆشت.. کەرکووکتان بەشوودا، کەمتیارتان نارد سەردەشت عوسمان شەهید بکات.. نەوت و گاز و غازو شۆفڵ و شیش و ئاسن و بڕغوی کوردستانتان ئاودیو کرد.. ماددەی پەنجاو هەشت و سەدو چلیشی بیرنەچوو بوو..

دابەشکردنی کورسی و پۆستەکان بەسەر کوڕ و کەسوکار و بنەماڵەدا لە شیعرەکانی پەشێوی ئەمساڵدا جمەیان دەهات.. کورسی دوورین بە پاشەڵەوەو واز نەهێنان لە دەسەڵات، چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ بوون لە ناوەرۆکی شیعرەکانی پەشێودا.. ناشەفافیەت و نادیمۆکراسیەت و نادادوەری ئەو دۆزو بابەتانە بوون کە پەشێو چەندین ساڵەو لە دووری وڵاتەوە، بوونەتە خەمی رۆژانەی ئەو و لێی نابنەوە..

پەشێو ناتوانێت دەستبەرداری فۆرم و ناوەرۆکی ئەو شیعرانە بێت کە لەناوجەرگەی میللەتەکەیەوە هەڵدەقوڵێت.. کە لەنێو ویژدانی مرۆڤدۆستانەوە سەرچاوەی گرتووەو هەمیشە بێهەدادان، بەرەو شەپۆلەکانی ژیان سنگ دەکوتێ.. سمکۆڵی شیعرەکانی پەشێو لەپێناو ئاهی دڵی کچان و گەنجانی کوردستاندایە، نرکەیان دێ لە حەژمەت حەسرەتی پیرە پیاوان و پیرەژنانی لاکۆڵان و بن گوێسوانەی ماڵە هەژارەکانی ئەم نیشتمانە.. شیعرەکانی پەشێو، هەردەم و هەموو وەرزێک دەبنە پەپوولە بۆ سەر خەندەی مناڵە نەدارە دەستگێڕەکانی سەر شەقام و نێو کۆڵانە تۆزاویەکانی ئەم کوردستانەی داهاتەکەی لە ئوردون زیاترە.. شیعری پەشێو لەم زەمەنە دەم رووتەشدا، کە بەزەیی و میهرەبانی لەدەستداوە، ئومێدێکە بۆ زۆرینەی گەنجە بێکارو بێئومێدەکان..

ئەم پیاوە بەرزەی ناوی عەبدوڵا پەشێوە، خۆی نەفرۆشتووەو نەبوەتە شاعیرو نووسەری دەرباری سوڵتان و سەرۆک و سەرکردەو زەعیمە زۆرو زەوەندەکانمان، نەبوەتە شمشاڵێک لایلایەی شاژنەکان و شازادەکان و میری دزانی وڵات بکات، نەبوەتە موچەخۆرێکی بێفەڕی ئەم کوردستانە کۆڵەوارە، هێشتاکە بارگاوی نەبووە بە شەپۆلەکانی گەندەڵی و گزی و فزیەوە، بۆیە شیعرەکانی وەکو هۆنراوەی پیرەمێرد و فایەق بێکەس و قانیع و نازم حیکمەت و محەمەد ماغوت و موزەفەر نەواب و چەندان شاعیری نیشتمانپەرەوەری دیکەی جیهان، بە نەمری و زیندوویی و بە سەربەزی دەمێننەوە.


لەکۆتاییدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش رابکێشم کە رەنگە لێرەو لەوێ، هەندێک قەڵەم بەدەستی چەورخۆری ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردی، ئەمجۆرە شیعرانەی پەشێویان بۆ هەرس نەبێت، بە شیعری کۆن و بەسەرچوو یان سەلەفی و دووبارەی ناوزەد بکەن، پێی بڵێن شیعرەکانی تۆ، مۆدێرن نین و لە شیعری فروخزاد و سوهراب و ئەدۆنیس ناچن بۆیە ناچنە خانەی مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیتەوە،

**ناتوانرێت رەخنەی بونیادگەرییانەی ئاراستە بکرێت و خوێندنەوەی فەلسەفیانەیان بۆ بکرێت، بۆیە وەکو هەندێک نوسەر نایکەنە ئەستێرەو ستاری هۆلیود.**

**یان وەکو ئەو بونەوەرەی کە ناوی نووسەری لەخۆی ناوەو لە سایتێکی جنێوفرۆشەوە، دوو کۆلکە نوسینی لەسەر ئەم کەڵە شاعیرە نوسیوە کە گوایە چۆتە سەر گۆڕی زامدارەکەی هەولێرو نەچۆتە سەر گۆڕی سەردەشت عوسمان، هەروەها گوایە ئەم شاعیرە پایە بەرزەمان لە ئەمەریکا پیاوانی سەر بە حزبێکی کوردستانی خۆمانی بینیوەو خۆی پێفرۆشتوە.!! ئەمانە گوناهو کوفرن سەبارەت بەم پیاوە بەهەڵوێستەی تاکو مردن دەکرێت، ئەم پیاوە بێوێنەیە قەڵەمە گرانبەهاو بەبڕشت و مەزنەکەی خۆی نافرۆشێت بە گەوهەرو ئاڵتوونی دزراوی ئەو کەسانەی وەفایان بۆ کوڕەکانی خۆیان نییە..**

**ئەمەویت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش رابکێشم کە هەرچۆنێک بێت شیعرەکەی عەبدولا پەشێوم لەسەر شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمان چنگ کەوت و حەزمکرد بکەوێتە بەرچاوی زۆرینەی خەڵکەوە، ئیدی ئەگەر پەشێو نەچێتە سەر گۆڕی ئەم شەهیدە جوانەمەرگەش، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ملوانکەی زێڕینی خستۆتە ملی سەردەشت و هەزاران شەهیدی دیکەی جوانەمەرگەوە، کە مەگەر تەنیا مێژوو خۆی بزانێت، کام کەمتیارو دڕندە شەهیدی کردون!؟**

## شیعرەکەی پەشێو بۆ سەردەشتی شەهید:



**لەو ساتەوە کە هاتن و دار چنارە شیکەکەیان لولدا و ڕفاند**
**لەو ساتەوە کە هاتن و گوڵە جۆیە گڕتێزاوەکەیان کرتاند**
**کۆتری خەم هەتا ئێستاش هەر گمەی دێ**
**کۆڕی پرسەی هەموان تەواو**

پرسەکەی من بەردەوامە و هەر جمەی دێ
داخی ئەوەم لە دڵدایە
نەیگەیشتمێ تا پێی بڵێم
ئاگادار بە لەم وڵاتە ئەوەی قەڵەم چۆڕە چرا و ئاورگی بێ
دەبێ زمان چەقۆی تیژی سەر قورگی بێ
نە دەزانم نە دەشپرسم کێ بوون دابارینە سەری
ئیدی بۆ من وەکو یەکە بنیادەم بوون یان کەمتیار
بەچی هاتن
بە جام ڕەشێک یان بە جام ڕوون
بێ نمرە بوون یان نمرەدار
ئیدی بۆ من وەکو یەکە
بەڵام پرسیم
پرسیم و دیسان دەپرسم
ئەو سبەینەی نرکەو بۆڵەی ئەو هەورەیان متوکڕ کرد
ئەو سبەینەی ئەو تەلارە نەخشینەیان خاشەبڕ کرد
ئەوێ ڕۆژێ یاسای سەروەر
بۆ کام بەرخی کەڕەواڵە چوو بۆ کەمین
گیرفانی کێی دەپشکنی
لە ئاسمان بوو یان لە زەمین
هەر پرسیم و پرسیمەوە
هەندێک دەڵێن
یاسای سەروەر مایەسیری گیری دابوو دوورە دەستبوو
هەندێک دەڵێن زۆر سەرقاڵ بوو
شورەی دەوری کۆشک و سەرای هەڵدەچنی خەمی خەست بوو
هەندێک دەڵێن ئاسمانی ژوور باخەکەی خۆی تەلبەند دەکرد
لە چریکە و فڕکەی باڵی باڵدار پەست بوو
هەندێک دەڵێن نەخێر
بێشکەی حکومەتە ساوایەکەی ڕادەژەنی
ناوە ناوە داییەکی لەپێ دەکرد
ناوە ناوە داییەکی دادەکەنی
هەندێک دەڵێن

نا ئەو ڕۆژە
بە شەرابی زەماوەندی بە شودانی کەرکوک مەست بوو
هەندێک دەڵێن لە بانکێکا پارەی دەژمارد
لە بەرچاوی (ڕژدیاندا زرِ و زرِت و) لەسەر هەست بوو
منیش دەڵێم کەس نەیزانی
یاسای سەروەر
سکچووی لێبوو لە ئاودەست بوو.

٢٠١٢\٥\١٠ - سلێمانی

ماڵپەڕی حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

ڕۆشنبیریی | پەرتووکخانە | پەیوەندی
نووسەران | ئەرشیف | لینک
دەسپێک